# پارتی دیموكراتی كوردستان، لەسەر بڵاوكردنەوەی
# رۆژنامەی ئۆكتۆبەر "یوسف قادر "دەستگیر دەكات!

ئەمڕۆ یوسف قادر كادری حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق لەشاری هەولێر، تەنها لەبەر ئەوەی كە رۆژنامەی ئۆكتۆبەر بلاودەكاتەوە، لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیر دەكرێت و سەرەتا دەبرێتە ئاسایشی ئازادیو پاشان دەبرێتە بەشی سیاسی لە ئاسایشی هەولێرو پاش 3 كاتژمێر ئازادی دەكەن...

تا ئێستا بە حوكمی ڕێگە نەدانو زەوتكردنی مافی ئازادی ڕادەبڕینو ئازادی خۆپیشاندانو بەگشتی زەوتكردنی ئازادییە سیاسیەكانی خەڵكی كوردستان، یەك خۆپیشاندان لە شاری هەولێردا ڕوینەداوە، چونكە پێش ئەوەی ڕووبدت لە بار دەبرێت لە ڕیگەی ئەوەی كە تەواوی مۆڵەتەكان بۆ خۆپیشاندان ڕاستەوخۆ رەفز دەكرێن... ئەمەش پێش ئەوەی نیشانەی بەهێزی ئاسایش بێت، نیشانەی سەركوتو زەوتكردنی مافی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەمشارەیە. كاری پۆلیسو ئاسایشی هەولێر تەنها بۆتە پێش گرتنو ڕیگ گرتن لە خۆپیشاندانو مۆلەت نەدان پێیانو زۆرهێنان بۆ لایەنو ڕێكخراوەو گروپو كەسانی ئازادیخواز لە پێناو لەبار بردنی هەر نارەزایەتیەكی جەماوەریو نیشاندانی خواستو داوای بەرحەقی خەڵكدا لە دژی گەندەڵیو لە پێناو دابینكردنی موچەی بەرزترو مافە سیاسیو مەدەنیەكاندا...

"تاوانی" یوسف قادر تەنها بلاوكردنەوەی رۆژنامە بوە، رۆژنامەیەك كە ناوەرۆكەكەی لەگەڵ ئیشتهای پارتی دیموكرتدا نایەتەوە، بۆیە لەلایەن ئاسایشەوە ڕاپیچدەكرێت بەرەو ئاسایش. ئەم كردەوەیەو تەواوی پێش گرتنو مۆلەت نەدانەكان بە خۆپیشاندەرانو كەسانی ناڕازی، هەموویان زەوتكردنو پێشێلكردنی ئازادی بیرو راو ئازادییە سیاسیەكانەو بەتەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ پروپاگەندەكانی بارزانیدا لەمەڕ ئازادیو نیشاندانی هەولیرو كوردستان وەك مەلبەندی ئازادیو دیموكراسی....

ئیمە ئەم كردەوەیەی ئاسایشی پارتی دیموكراتی كوردستان ئیدانە دەكەین، داوا دەكەین لە گشت ئازادیخوازانی كوردستانو جیهانیش ئەم كردەوە دژی ئینسانیو زەوتكردنەی مافە سیاسیەكان ئیدانە بكەنو فشار بخەنە سەر پارتی دیموكراتی كوردستان كە بەشێوەیەكی یاسایی پابەند بیت بە ئازادییە سیاسیەكانو ئازادی بیرو ڕاو ئازادی خۆپیشاندانەوە......

**ڕیكخراوی كوردستان**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2005/11/24